نابێت ئافرەت سەفەرێک بکات کە دووریەکەی دوو ڕۆژ بێت مەگەر مێردەکەی یان مەحرەمێکی لەگەڵدا بێت

لە ئەبی سەعیدی خودریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە لەگەڵ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بەشداری دوازدە غەزای (جەنگی) کردووە، دەڵێت: چوار شتم بیست لە پێغەمبەرەوە -صلى الله عليه وسلم- زۆر جوان گرنگ بوون بە لامەوە، -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «نابێت ئافرەت سەفەرێک بکات کە دووریەکەی دوو ڕۆژ بێت مەگەر مێردەکەی یان مەحرەمێکی لەگەڵدا بێت، نابێت ڕۆژوو بگیرێت لە دوو ڕۆژدا: جەژنی ڕەمەزان^ وجەژنی قوربان^^ ، نابێت هیچ نوێژێک ئەنجامبدرێت لە پاش نوێژی بەیانی هەتاوەکو خۆر دەردەچێت، ونابێت هیچ نوێژێک ئەنجامبدرێت لە پاش نوێژی عەسر هەتاوەکو خۆر ئاوا دەبێت، ونابێت -سەفەری تایبەتّ- ئەنجامبدرێت مەگەر بۆ سێ مزگەوت نەبێت: مزگەوتی حەرامّّ، ومزگەوتی ئەقسا، وئەم مزگەوتەی من - مزگەوتی نەبەوی -». (سەفەری تایبەت: مەبەست لێی سەفەر وگەشتێکە بۆ پەرستن ونزیکبوونەوە لە خودا ئەنجامبدرێت)،ّّ(مزگەوتی حەرام: مەبەست ئەو مزگەوتەیە کە کەعبەی پیرۆزی تێدایە لە شاری مەککە کە پێی دەووترێت -مسجد الحرام-)

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لە چوار شت: یەکەم: قەدەغەکردنی ئافرەت لە سەفەرکردن بۆ دووریەك ماوەکەی دوو ڕۆژ بێت مەگەر مێردەکەی یان مەحرەمێکی لەگەڵدا بێت، مەحرەم ئەو کەسەیە کە بە هەتاهەتایی حەرامە ئەو ئافرەتە مارە بکات ئەوانیش بریتین لە کەسە نزیکەکانی وەکو باوك وکوڕ وبرا، برازا وخوشکەزا، ومام وخاڵ، وهتد. دووەم: نەهی کردووە لە ڕۆژووگرتن لە ڕۆژی ڕۆژووشکاندن -یەکەم ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان- و ڕۆژی قوربانیکردن -واتە ڕۆژەکانی جەژنی قوربان کە چوار ڕۆژن 10، 11، 12، 13 ی مانگی ذي الحجة-، ئینجا ڕۆژووگرتنەکە نەزر یان سونەت یان کەفارەت بێت. سێیەم: نەهی کردووە لە ئەنجامدانی نوێژی سونەت -لە دوو کاتدا-: لەپاش نوێژی عەسر هەتاوەکو خۆر ئاوا دەبێت، ولە پاش نوێژی بەیانی هەتاوەکو خۆر دەردەچێت. چوارەم: نەهی کردووە لە -سەفەری تایبەت-^ بۆ شوێنێك کە باوەڕ وابێت فەزڵی هەیە وپاداشت تێیدا چەند جار دەبێت، جگە لە سەفەرکردن نەبێت بۆ ئەم سێ مزگەوتە بۆ نوێژکردن تێیاندا، پاداشتی نوێژکردن تەنها لەم سێ مزگەوتەدا چەند جار دەبێتەوە: مزگەوتی حەرام، ومزگەوتی ئەقسا، وئەم مزگەوتی نەبەوی. ^(سەفەری تایبەت: مەبەست لێی سەفەر وگەشتێکە بۆ پەرستن ونزیکبوونەوە لە خودا ئەنجامبدرێت)

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10603